سبەی عێراقچی دەچێتە ئەنقەرەو تورکیا پشنیاری نووەندگیریی لەنوان ئەمریکاو ئێران دەکات



بڵیارە سبەی هەینی، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران بە سەردانێك بگاتە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا. بەپێی راپرتە رۆژنامەوانییەکان، تورکیا پشنیاری نووەندگیریی لەنوان ئەمریکاو ئێران دەکات.

ئیسماعیل بەقایی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، لە راگەیەندراوێکدا پشتڕاستی کردەوە کە سبەی هەینی، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکە بەسەردانێکی رەسمی دەگاتە ئەنقەرە.

سەردانەکەی وەزیرە ئێرانییەکە لە کاتێکدایە کە گرژییەکانی نێوان تاران و واشنتۆن گەیشتونەتە لوتکە و تورکیاو بەشێك لە وڵاتانی دراوسێی ئێران، نیگەرانی خۆیان نیشانداوە لەبارەی سەرهەڵدانی جەنگێکی دیکە لە ناوچەکە.

بەقایی ئاماژەی بەوەداوە، بابەتی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ بەهێزکردنی

پەیوەندییەکانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای سیاسەتی دراوسێیەتی باش و بەرژەوەندییەکان هاوبەشەکان.

هاوکات بەگوێرەی ئاژانسی فرانس پرێس، لەمیانی سەردانەکەی عراقچیدا بۆ ئەنقەرە، تورکیا پێنشیاری ئەوە دەکات کە نێوەندگیریی لەنێوان تاران و واشنتندا بکات.

بەپێی قسەی چەند سەرچاوەیەک بۆ ئاژانسەکە، هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە دیداری لەگەڵ عراقچی، لەگەڵ راگەیاندنی ئامادەیی ئەنقەرە بۆ هەورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە لەڕگەی گفتوگۆوە، جارێکی دیکە جەخت لەو دژایەتی وڵاتەکەی بۆ دەستوەردانی سەربازی لەدژی ئێران دەکاتەوە.

لەکاتی دەستپێکی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەی ئێران و هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، بەرپرسانی باڵای ئەنقەرە چەند جارێك جەختیان لەوە کردبتەوە کە دژی دەستوەردانی سەربازیین لە ئێران.